# خۆپیشاندانی کوردان دژ بە هەڕەشە و
# لەشکرکێشی تورکیا لە وڵاتی سویسرا







ڕۆژی دووشەمە ڕێکەوتی 29.10.2007 ، کاتژمێر دووی پاش نیوەڕۆ بۆ ماوەی دوو کاتژمێر، کوردستانیانی نیشتەجێی وڵاتی سویسرا خۆپیشاندانێکیان لە بەردەم باڵوێزخانەی ئەمەریکا لە شاری بێرن دژ بە هەڕەشە و لەشکرکێشی سوپای تورکیا بۆ ناو خاکی کوردستان سازکرد .
خۆپیشاندەران، کە ژمارەیان زیاتر لە 200 کەس دەبوو و کوردانی هەرچوارپارچەی کوردستانی لەخۆ گرتبوو، بە بەرزکردنەوەی درووشمی دژ بە توندوتیژی و ڕەگەزپەرستی دەوڵەتی تورکیا، بە هوتافکێشان و دەربڕینی بیزاری بەرامبەر هەڵوێستی شەڕخوازانەی تورکیا، گەرموگوڕی و جۆش و خرۆشی زۆریان دابوو بەدیمەنی خۆپیشاندانەکە ، ئاڵای کوردستانیش بەسەر سەری خۆپیشاندەرانەوە بە شکۆ دەشەکایەوە.
لە میانەی خۆپیشاندانەکەدەدا چەندین کەس لە بەشداربووانی خۆپیشاندانەکە قسەو باس و ووتاریان، لە بارەی نیازە گڵاوەکانی تورکیاوە بۆ شەڕی ئەمجارەیان دژی گەلەکەمان و گێچەڵکردن بە هەرێمی کوردستان، پێشکەشکرد و هەموویان، بۆ پووچەڵکردنەوە و شکستپێهینانی پیلان و گەلەکۆمەی گەگیرکەران، جەختیان لەسەر پێویستی هەنووکەیی یەکێتی و یەکڕیزی میللەتەکەمان لە هەرچوارپارچەی کوردستان کردەوە.
لەهەمان کاتدا دەقی ئەو یاداشتنامەیەش بە زمانی کوردی خوێندرایەوە کە خۆپیشاندەران بە ناویی کۆمەڵە کوردیەکانی وڵاتی سویسراوە ئاڕاستەی گەل و حکومەتی ئەمەریکایان کردووە و داواکاربوونە لەم ئاستەنگەدا کورد بەتەنها بەجێنەهێڵن و لە دووبارەبوونەوەی کۆمەڵکوژی و ژینۆساید بیپارێزن.

شایانی باسه دەقی ئینگلیزی یاداشتنامەکە لە لایەن نوێنەرانی خۆپیشاندانەکەوە پێشکەش بە نوێنەرانی باڵوێزخانەی ئەمەریکا کرا و ئەوانیش بەڵێنیان پێدان کە دەمودەست لە ڕێگەی فاکسەوە بۆ حکومەتی ئەمەریکی بەرزبکەنەوە. ئەوان پێشوازی گەرمیان لە نوێنەران کرد و نوێنەرانیش پاش قسەو باسێکی کورت مەبەستی خۆپیشاندانەکەیان بۆ ڕوونکردنەوە و ئەوانیش لەلای خۆیانەوە هەڵوێستی ئاشتیخوازانەی گەلەکەمانیان بەرزنرخاند، پاشان ژمارەی تەلەفۆنی هۆبەی پەیوەندیداریان لە باڵوێزخانەی ئەمەریکا سپاردە نوێنەران، بۆ ئەوەی بە زووترین کات پەیوەندی بگرن و دانیشتنی پێویست و تیروتەسەل لەم بارەیەوە ڕێکبخەن.

لە کۆتایی خۆپیشاندانەکەدا، خۆپیشاندەران سۆزو پەیمانیان بۆ گەلەکەمان تازەکردەوە، کە بەهەموو شێوازێکی دیموکراسی و شارستانی داکۆکی لە دۆزی ڕەوای گەلەکەمان بکەن و نەهێڵن ئەو ژیلەمۆیە بکوژێتەوە کە بووەتە جێگەی ئومێدی کورد لە تەواوی ناوچەکەدا. خۆ ئەگەر پێویستی کرد ئەوە بۆ بەرگریکردن لە کوردستان ئامادەین وەکو جاران چەکەکەنمان هەڵگرینەوە.

31.10.2007

کۆمیتەی دژ بە لەشکرکێسی تورکیا